# هەندێ خەڵک، خوایەک زیاتریان هەیە

نووسینی د. کامل ئەلنەجار
وەرگێڕانی مەحموود محەمەد عوسمان



لە ساڵی 1959 لە تکساس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کچێک لە تەمەنی 15 ساڵیدا، کوڕێکی بوو ناوی نا دیڤید. ئەم کوڕە مێشکی ناتەواو بوو کە بە دیسلیکسیا ناسراوە ، بە هۆی ئەم دەردەوە، نەی Dyslexia ئەتوانێ وشەی نووسراو بە ئاسانی بخوێنێتەوە، لە خوێندندا سەرکەوتوو نەبوو و لە تەمەنی 15 ساڵیدا قوتابخانەی بە جێهێشت بە بێ ئەوەی زۆر فێر بێت. و بۆشی نەلوا باوکی بناسێ. ناوی خۆی نا دیڤید کۆرش، و ( کۆرش) وشەیەکی عبریە ( زمانی ئیستەی ئیسرائیل ) بۆ ناوی سێرسی پاشا دامەزرێنەری ئیمراتۆریەتی فارس ، بە خۆشی سیرسی مەزنەوە ئەو ناوەی هەڵبژارد .

ئەم کوڕە، وەک نەخوێندەواربوو لە ساڵی 1981 پەیوەست بوو بە کۆمەڵێکی ئاینیەوە بە داودییەکان ناسراوبوون، بوو بە سەرۆکیان و گوێرایەڵی بوون. توانی کۆمەڵێ لە پیاوانی خاوەن کار و کچانی قوتابی زانکۆ رازی بکات بۆ هاتنە ناوی کۆمەڵەکەی، و بوونە مووریدی دڵسۆزی کە لەسەر شۆستەی شەقامەکان ریز ئەبوون بۆ کۆ کردنەوەی کۆمەک بۆی. ئەم پیاوە، توانی مووریدەکانی قایل بکات بەوەی ئەو سێبەری خوایە لەسەر ئەرز، بە شێوەیەک باوەڕیان پێکرد کە هەموو شەوێ کچانی مناڵیان بۆ ژوورەکەی ئەهێنا بۆ ئەوەی لەگەڵیان بخەوێ و ڕۆحی هیمەتی خوایان بۆ بنێرێ . گەشتنە حاڵەتێک کە ژنان پێشبڕکێ بکەن بۆ شەو مانەوەیان لەگەڵیدا بە دەستخۆشی باوک و مێردەکانیان . لە کۆتایدا قەناعەتی پێکردن کە چەک هەڵگرن لە ڕووی دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ ئەوەی بچنە جەنەت، ، لە ڕۆژی 28 فەبربرووەری ( شباط 1993 ئەوەیان ئەنجامدا وە هێزی F.B.I ،ڕووبەڕویان بووەوە و لە کاتی شەڕەکەدا سەربازگەکەیان گڕی تێبەربوو و هەموو سووتان ، ( مناڵان، ژنان، پیاوان ). چی وای لە کچانی زانکۆ و پیاوانی خاوەن کار کرد کە دوای گەنجێکی شێوە نەخوێندەوار بکەون و وەک خوا سەیری بکەن و باوڕیان بە هەر وشەیەک بێت کە ئەیڵێ ؟. هەرچەندە مەسیحین و باوەڕیان بە عیسا هەیە وەک کوڕی خوا کە خۆێ پێشکەش کرد بۆ رزگارکردنیان. ئەمە هێزی هاندانە ( ایحاء ) لای هەندێ کەس و تووانای وەرگرتنی ئەو هاندانەیە لای زۆرینەی خەڵک. ئەمە نهێنی سەرکەوتنی پێغەمبەرەکانە. هەموو پێغەمبەران نەخوێندەوار بوون، چونکە نووسین لە سەردەمی هاتنیان بڵاو نەبووبووەوە، توانیان بە هێزی کەسایەتیان وهێزی هاندان، خەڵک قایل بکەن بە پەیامەکەیان.

بانگ کردن بۆ پێغەمبەرایەتی لەسەردەمی هاوچەرخدا، تەنها پەیوەست نەبوو بە ئەمریکاییەکانەوە. لە مۆسکۆ (غریغوری غرابۆفوی ) بانگی پێغەمبەرایەتی کرد، وتی: توانای زیندووکردنەوەی مردووەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشەکانم هەیە لە هەر دەردێک کە توشی هاتبن، و داوای لە دایکی مناڵانی( بیسان ) کرد، کە بە دیبلی لای تیرۆریستانی شیشان بوون لە کاتی داگیرکردنی قوتابخانەکە. گوایە ئەتوانێ منداڵەکانیان زیندوو بکاتەوە. مخابەراتی ڕووسیا یارمەتی دایکانی ( بیسان )یاندا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوەی کە ئەڵی من پێغەمبەرم. ئەویش هات بۆ مۆسکۆ بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بۆیان، بە بڕی 1000 ئیرۆ بۆ زیندوکردنەوەی مردووەکانیان لە کارەساتی قوتابخانەکە.

غریغوری خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی وڵات و رۆژنامەی ( کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا ) کە لە شاری سمارا دەرئەچێت، ئاماژەی بەوە کرد. غرابۆفوی پەیامی دا بە لایەنگیرانی ئەگەر ببێتە سەرۆک ئەوا ( مردن قەدەغە ئەکات و گواستنەوە بۆ ئەو دونیا کۆتای پێ دێت و کار کردن لە پێناوی گەرانەوەی مردووەکان بۆ ژیان ) ( رۆژنامەی شەرق ئەل ئەوسەت 25 سپتەمبەر 2005 )

هەرچەندە ئەم پەیامە، ساویلکە دیارە، بەڵام توانی خەڵکێکی زۆر بکات بە لایەنگیری خۆی کە باوەریان پێ هێنا.

لە معرەی ئەلنعمان لە سوریا هەیسەم ئەحمەد، بانگی بۆ پێغەمبەرایەتی کرد، مووریدی بۆ خۆی پەیدا کرد کە لە ئەمری دەرنەچن. دەسەڵاتی سوریا هەندێ لە لایەنگیرانی دەستگیرکرد و خرانە زیندانەوە. ئەوانیش ئەو عەمیدەی کە بەرێوبەری زیندان بوو لە گەڵ هەندێ پۆلیسیان دەستگیرکرد. دوای ئەوەی کە دەستیان بەسەر چەکی پاسەوانەکانیان گرت. دەسەڵاتدارانی سوریا رێگەی باڵەخانەی زیندانەکایان بری لە پارێزگاکە. ئەوانەی کە دەستگیرکرابوون، تاوانی کوشتنیان لەسەر بوو. دەستگیرکرابوون بە هۆی کۆمەڵێ گیروگرفت و شەر و کێشمەکێش کە بووە هۆی 5 کوژراو و ژمارەیەک بریندار، سەرچاوەکان، ئەوەیان رۆشنکردەوە کە لە ئەدلب بە ( لایەنگیرانی هەیسەمی پێغەمبەر ) ناسروان. ئەم لایەنگیرانە وا ئەناسرێن کە پابەندی هەموو فەرمانەکانی ئەون و هەموو کارێ ئەنجام ئەدەن، ئەگەر ئەمریان پێ بکات تا پلەی کوشتن. سەرچاوەکە بەردەوام بوو و وتی: هەیسەم زیندانی کراوە بە تاوانی هاندان بۆ کوشتن، جونکە زۆر جار پاڵی بە لایەنگیرانییەوە ناوە بۆ تاوان کردن. دکتۆر العریان تەئکیدی کردەوە کە حاڵەتێکی زۆر سەرسۆرهێنەر و دڵە راوکێی پێوە دیارە. چۆنکە لایەنگیرانی پابەندی هەموو شتێکن کە ئەو بیڵێ تا پلەی کوشتن و تاوان کردن. لایەنگیرانی ژنانیشی هەیە، ئەوانیش هەروەها پابەندی ئامۆشگارییەکانین ( ایلاف 5 یولیو 2005). ئەمەیش بە سەر هەموو پێغەمبەرەکاندا ئەچەسپێ. بەتایبەتی یەهوودی و ئیسلام.

لە ساڵی 2002 لە میسر سەیدە تەلبە ( خاتوون) کە فەرمانبەرێک بوو لە ئەنجومەنی وزەی ئەتۆمی ،بانگی پێغەمبەرایەتی کرد، کۆبوونەوەی ساز ئەکرد و ئەیوت: توانایەکی تایبەتیم هەیە کە ئەتوانم نەخۆشەکان چاک بکەمەوە. و لە کۆبوونەوەکانی داوای کرد کە کەعبە بگوێزنەوە بۆ میسر. نوێژەکانی بە رێکوپێکی ئەکرد لە مزگەوتێکی نزیکی خۆی. بە بەردەوامی گوێ لە وانە ئاینییەکان ئەبوو. لە یەکێ لەو وانانە، قسەکەرەکە وتی: ئەو ئینسانەی کە تووشی نەخۆشیەک بووە لە لەشیدا، ئەبێ دەستی بنوقێنێ و هەردوو سورەتی ( الفلق) و ( الناس)، بخوێنێ وپاشان دەست بهێنێتە سەر شوێنی ئازارەکە ئیتر باش ئەبێ.

کەم کەم سەیدە تەلبە هەستی بە توانایی خۆی ئەکرد و زۆر باوەری بە خۆ ئەهێنا و قەناعەتی ئەکرد کە خوا شتی تایبەتی پێ بەخشیوە. خەڵکی دەوروبەری باوەریان بە کەرامەتی ئەهێنا. بەڵام تەڵبە ئیمانی لەوان بەهێز تر بوو و بەراشکاوی بە دەور وبەری راگەیاند کە خوا معجیزەی ( پەرچوو، لەئاوەزبەدەر ) باشکردنەوەی پێ بەخشیوە بە مافی وشەی ( کن فیکون )، و ئەو پێغەمبەری تازەیە هاتووە بۆ باشکردنی خەڵک بە پێ نهێنی ئەم وشەیە. بەفعلی دەستی کردە کۆبوونەوە لەگەڵ مووریدەکانی کە بە ( شێخێکی باشیان ) دا ئەنا. ئەوکاتەی بەراشکاوی باسی چیرۆکی پێغەمبەرایەتی بۆ کردن، هەندێکیان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵیدا بەوەی کە پێغەمبەر سلاوی خوای لێ بێ دوا پێغەمبەرە. بەڵام وەڵامیانی دایەوە، ئەمیش پێغەمبەرە و خوا بۆ ئەوە ناردوویەتی تا پەیامی محەمەد، بچەسپێنێ و ئومەی ئیسلامی بگەرێنیتەوە بۆ باشی و رزگاری بکات لە ونبوون ( الشرق الاوسط 1 یولیو 2002) .

تەڵبە یەکەم کەس نەبوو کە بانگی پێغەمبەرایەتی بکات لە میسر. ماوە نا ماوەیەک، یەکێ سەری هەڵ ئەدا بۆ پێغەمبەرایەتی لە میسر، و دوا کەسیش بەرگ درووەیەک بوو لە ناوچەی ئەلتەبین خوارووی قاهیرە کە لەساڵی پار سەری هەڵدا و ناوی شێخە مەنال بوو. نامۆترین شت لەو خۆ بە پێغەمبەرزانینە

لایەنگیرەکانیان، کە باوڕ بەم پێغەمبەرانە ئەهێنن. پێرار لایەنگیرانی شێخە مەنال گەشتە 250 کەس و وتی :ماڵی من کەعبەیە و هەرکەسێ بێتە ماڵم وەک ئەوەیە فەریزەی حەجی کردبێ. و بانگی ئەوەی کرد کە توانای نەخۆش چاککردنەوەی هەیە و سەیدە زەینەب پشتی ئەگرێ ( الشرق الاوسط 1یولیو 2002 )
ئەگەر ئەمە لەم سەدەی بیستەمەیە ڕوو ئەدات و ئەوەیشی کە ڕوو ئەدات لە داهاتوودا لە جیهانی ئیسلامی. ئەتوانین تێبگەین چۆن پێغەمبەرەکان لە سەدەکانی پێشوو لایەنگیرانیان دۆزیوەتەوە کە بەناوی ئەوان و بەناوی خواوە چۆن کوشتاریان ئەنجام ئەدا.
پێش ئەوەی سەردەمی پێغەمبەرەکان بێت، خەڵکی پتیان ئەپەرست، چونکە شتێکی هەستپێکراوە و ئەیانتوانی ببیینن و دەستی لێبدەن و هێزیان بەسەریدا ئەروات. لەو بڕوایەدا بوون کە پارانەوەکانیان بگەیەنێتە ئاسمان. و پەندی پێشینان ئەڵێ :( باڵندەیەک بەدەستەوە بێت لە هەزار باڵندەی سەر دارەکە باشترە ). هەرشتێ بینراو و هەستپێکراو بێت ئارامی زۆرتر ئەبەخشێ بە مرۆڤ لە شتی غەیبی.
ئەو کاتەی ئیسلام هات، محەمەدی پێغەمبەر، هەموو پتەکانی خێڵە ئەربەیەکانی شکاند. ئەیزانی کە هێشتا لە بیر وهۆشیانە وەک هێمایەک بۆ ئارامی ماوە ، ترسا لەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ پت پەرستن. بۆیە پت پەرستن و سەردانی گۆڕەکانی حەرام کرد، کە شتێک نییە جگە لە پەرستنی پێشینان (اسلاف) کە پێش سەرهەڵدانی پت، بوونی هەبوو . محەمەد، مرد و ئەرەبەکان هەڵگەڕانەوە و ئەبووبەکر، بە هێز هێنایانییە ناو گەوڕی ئیسلامەوە. بەڵام تەنها جەسەدیان بوو بە ئیسلام، و دڵیان هەر پتە تازەکانیان ئەپەرست لە شێوەی خاوەن شکۆ کە شیعریان بەسەریاندا ئەوت و کردیانە خوا : وەک ئەم دێرە شیعرە نەمویست و قەدەریش نەی ویست ....... حوکم بکە تۆ یەکەی بەزێنی

سۆفییەت و دەروێشبازی سەری هەڵدا کە مەزاری ئەولیاکانیان وەک کەعبە یان ماڵی خوا دائەنا. لە دەوری کۆئەبوونەوە لە شێوەی بازنەیەک کە زکر، ولێدانی دەف و سەمایان ئەکرد. واخۆیان ڕائەهێنا تا ئەگەشتنە حاڵەتی هەستریا، کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ حاڵەتی هەستیریا( زار ) لای ژنانی ئەرەب. لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا، پێوەندی ڕۆحییان بەهێزتر ئەبوو بە قەبری ئەولیاکانیان، دەستیان کرد بە درووست کردنی گومەزە و ڕازاندنەوەی . بە ئاڵا و بە ئاڵتوون دایان ئەپۆشی و سەردانیان ئەکرد و دیوارەکانیان و دەرگاکانیان ماچ ئەکرد. ڕێک وەک خێڵە ئەربییەکان پێش ئیسلام چۆن حەجیان ئەکرد بۆ لات و عزە، ماچیان ئەکرد و بە موبارەکیان ئەزانی و دراو و ئاڵتونیان، فڕە ئەداوە پێش پایان یان بۆ ویستێک یان بۆ دانەوەی نزرێک کە پێشتر گفتیان دابوو. خوایش لە بەرزی خاوندارێەتیەکەی دوور بوو لە جیهانی غەیبی. ڕۆژی 5 جار نوێژیان بۆ ئەکرد و مێشکیان بۆ شوێنی تر ئەڕۆشت، بۆ چاوەروانی قەبری ئەولیاکان، بۆ ئەوەی داوای لێ بکەن باشیان بکاتەوە لە نەخۆشی، یان بۆ سەرکەوتنی مناڵەکانیان، لە تاقیکردنەوەکان. یان بۆ ژنان، کە مناڵیان ببێ. یان بۆ دوورخستنەوەی ڕووداوێکی ناخۆش. بەکورتی قەبری ئەولیاکان بووە پلەی یەکەمی پەرستن و پێغەمبەر بووە پەرستگای دووەم و خوا بووە پەرستگای سێیەم. چونکە هەستیان بە قەبرەکان ئەکرد و ئەیانتوانی ببیینن و دەستی لێ بدەن. بەڵام پێغەمبەر مرد و خوایش هەتا ئێستە دوورە.
شیعە لەم بوارەدا داهێنانیان کرد لە بەرزراگتن و جوانکردنی قەبری ئەولیاکانیان، تا گەشتە ئاستی کەعبە. تەنانەت ئەوەندە هاوار بۆ حوسێن و عەلی ئەبەن، ئەوەندە هاوار بۆ خوا ناکەن.
دڵگران بووم کە پیاوێکی شکۆدار ( وقار ) و بەساڵاچوو و ریشنم بینی، بە کوڵ ئەگریا بەرامبەر پاشماوەی مەزاری هەردوو ئیمامەکە، عەلی ئەلهادی، وئەلحەسەن ئەلعسکەری. ئەوەی ڕوخا، گۆمەزی مەزارەکە بوو. بەڵام لەو باوەڕەدا نیم قەبرەکان زیانی پێ گەشتبێ.
بەهەرحاڵ ئێستە ئەوە زۆرتر قەبرێکی مەعنەوین لەوەی کە راستی بێت. چگە لە هەندێ ئێسک و پروسک هچی تری تێدا نییە (( سڵاو لە ئێسکێک ئەکات کە پووکاوە )). مرۆڤ کە توانی ئەوە درووست

بكات، ئەتوانێ لەوە باشتر لە شوێنی درووست بكات. ئایا ئەم درووستكراوە ئەوە ئەهێنێ كە 130 موسڵمانی سونە بكوژرێ كە هیچ پێوندیان نییە به تەقینەوەی مەزارەكە ؟ ئەی قورئان لە كوێیە كە ئەڵێ (( وە ئەو نەفسەی وا خوا حەرامی كردووە مەكوژن، مەگەر بەهەق، ئەمە شتێكە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵكو عەقڵ و ئاوەزتان بخەنە كار )) ( ئەنعام 151). مزگەوتەكانی سونە چی تاوانێكیان كردبوو كە موسڵمانانی سونە، درووستیان كردبوو، ((بەڕاستی تەنیا كەسێ مزگەوتەكانی خوا ئاوەدان دەكات كە بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی بەرێ هێنابێ ونوێژ بكا وزەكات بدات، وە بێجگە لە خوا لە هیچ شتێك نەترسێ )) ( تۆبە ، 18 ) . دەرئەكەوێ لایەنگیری شیعە بۆ مەزاری ئەولیاكان بە پلەی یەكەمە، پاشان پێغەمبەری خودا و لە كۆتایدا خودا، هیچ مەناعەت لەوە نییە ماڵی بڕۆخێ بەرامبەر مەزاری ئەولیاكان. ئایا ئەم گریانە بەسەر مەزارەكاندا، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو گریانانەی شاعیرانی جاهلییەكان، بۆ شوێنەوارێك كە خۆشەویستەكانیان تێدا ژیابوون؟ یان جیاوازە لە هەڵسوكەوتی دانیشتوانی دورگەی هیتی، لە ئۆقیانووسی هادی، لەوێ دانیشتوان سیحری فۆدۆ ئەكەن. دەرزی ئەچەقێننە بووكە شوشەكاندا، باوەر بەوە ئەهێنن كە دوژمنەكەت هەست بەودەرزییە ئەكات وەك بووكە شووشەكە.

ئەم خەڵكە سەرەتاییانە، ئاهەنگێكی ئاینیان هەیە ناویان ناوە (( ڕۆژی مردووەكان ))، جوانترین جل ئەپۆشن، و لە كەرنەفاڵەكاندا ڕێپێوان ئەكەن، و گۆرانی بۆ مردووەكانیان ئەڵێن و داوای پەخشندەیان لێ ئەكەن. ئایا موسڵمانانی ئێستە لە خەڵكی هیتی وەزعیان باشترە؟ هەر تەنها شیعە نییە لەم بووارەدا و تاكەڕەوانە خودا بخەنە پلەی سێیەم. لە میسر ئەگەر یەكێكیان مەزاری سەیدە زەینەب بتەقێنێتەوە، هیچ كەنیسەیەك لە وڵاتدا نامێنێ. وەك ئەوە وایە كە كەنیسە نە لە نزیك و نە لە دوور هیچ پێوەندیەكی بە خوداوە نەبێ. و هیچ حوسێنیەك نامێنێ ( مزگەوتی شیعەكان ). هەمان شت ڕوو ئەدات ئەگەر یەكێ مەزارێ بتەقێنێتەوە لە سوودان، یان لە مەغرب، وەك ئەوەی لە ئیسلام ئاباد ڕوویدا كاتێك یەكێ قەبری ئیمامی شیعەكان (سەید عەبدولەتیف ) ناسراوە بە باری ئیمام تەقاندەوە، شەڕ دەستی پێكرد، لە نێوان كەمایەتی شیعە و زۆرینەی سونە، زۆر كەس لە پێناو قەبرەكە گیانیان لەدەست دا.

ئەگەر لە جیهانی ئیسلامی دوور بكەوینەوە و بێن بۆ جیهانی ڕۆژئاوا، چەندێ گۆشتی مەڕ ( ضانی ) لە قاهیرە كەمە، ئاینیش لێرە ئەوندە كەمە. پاڵەوانانی سینەما، مۆسیقا، گۆرانی لە پلەی یەكەمن بۆ پەرستن و لەوانەیە عیسا ببێتە پلەی دووەم، تەنها لە كاتی گیروگرفتی روحی، یان لە ترس، پەنای بۆ ئەبەن ،پاشان ناوی خوا دێت كە بیریان نایەتەوە .تەنها لە كاتی سەرسوڕماندا وەك . Oh my God لە بەر ئەوە لە كاتی مردنی دیانای شاژن، كوڕان، و كچانی گەنج،بە گریانەوە لەسەر ڕێگاوبانەكان وەستابوون، و هەندێكیان پەنایان بۆ خۆكوشتن برد، چونكە ژیان مانای نامێنێ بە بێ پەڕستگەكەیان .

لە ئەمریكا، هەزارەها خەڵك لە وڵاتە جیاوازەكانی ڕۆژئاواوە سەردانی ماڵی گۆرانی بێژی بەناوبانگ ئەلفەس برسلی، ئەكەن كە پێش چەند ساڵێك مرد. هەتا ئێستە لایەنگیرانی دەست بەگریان ئەكەن لەكاتی سەردانیان بۆ ماڵەكەی كە بووەتە گەلەری . بەهیچ شێوەیەك ناوی عیسا، یان ناوی خوا، ناهێنن لە كاتی حەجیان بۆ پەرستگاكەیان ئەلفەس برسلی .

ئایا جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی شیعە و سۆفییەت لە ڕۆژئاوادا جیاوازیان هەیە لە پەرستنی پتە هاوچەرخەكان ؟ و ئایا ئیسلامییەكان ڕاستگۆ بوون لەگەڵ ناخیاندا و لەگەڵ خوادا ئەو كاتەی خۆپیشاندانیان كرد و كەنیسەكانی عێراق و پاكستانیان سووتاند، وەك دەربڕینێك لە تۆرەبوونیان بەرامبەر وێنە كاریكاتۆریەكانی محەمەدی پێغەمبەر؟ ئەگەر ئەو ڕۆژنامە دانیماركییە ڕەسمێكی كاریكاتێری گاڵتەجاری بڵاوبكردابێتەوە لەسەر یەكێ لە ئیمامەكانی شیعە، ئایا ڕەنگدانەوەی چۆن ئەبوو لە ئێران و عێراق و پاكستان و بەحرێن و یەمەن و كوێت ؟ لەوەیە مەلاكان دەستیان بە پێشبركێ

بکردایه بۆ فەتوادان، بە حەڵاڵکردنی خوێنی وێنەکێشەکە. و  خۆکوژەکانیان چەکداربکردایە و بەزوترین کات ڕەوانەی دانیمارکیان ئەکرد بۆ روخاندنی و سەروژێر کردنی .
ئومەی ئیسلامی، بەڕاستی ئومەیەکە هەتا هەنووکە پت ئەپەرستێ بەڵام بە ناوێکی جیاواز لە ئەللات و عزە .

***********************

چیرۆکی لەم جۆرە زۆرە لە کوردستان. زۆرن لەو کەسانەی چی شێخەکان و چی مووریداکانیان، چۆن باس لە کەرامات  و توانای شێخەکان ئەکەن. وەچۆن ئەو موریدە بەدبەختانە بە لەرزە لەرز لەسەر ئەژنۆ ئەوەستن بۆ دەست ماچکردن، یان بە دەستی لەرزۆکیان پارە ئەخەنە ژێر دۆشەکی شێخەکانیانەوە و شیخەکەیش بە ژێر چاوی سەیری پارەکە ئەکات بزانە زۆرە یان نە . و لە رانیە کەسێک سەری هەڵدا و بانگێ پێغەمبەرایەتی کرد ، بەڵام ئیسلامییەکان ئەویان کوشت و هەرچوار پاسەوانەکەیشی، و کیتابێکیشی دانابوو گوای ئەمە کەلامی خودایا . کاتم هەبێ باسێکی ئەو کیتابە ئەکەم.